# پەیوەندیی نێوان زمان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوك و ماسینجەر بەنموونە)

مەحمەد عوسمان عەلی[1] پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ[2]

[1] بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، کوردستان، عیراق
[2] بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، کوردستان، عیراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (پەیوەندیی نێوان زمان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوك و ماسینجەر) بە نموونە) دانراوە، بە ئامانجی شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەو شێوە زمانییەی لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت. لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەکی زۆر فراوان بەکاردێن و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر هەموو کایەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ دروستکردووە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و فەیسبوك و ماسینجەر بە تایبەتی، بە چەندین شێوە کاریگەرییان خستۆتە سەر زمانی کوردی، بۆیە زمانەوانان و زۆرجار قسەپێکەرانی زمانی ئاساییش هەست بەو جیاوازییە دەکەن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی زۆری لەسەر زمان دروستکردووە، لە ڕێگەی خواستنی ژمارەیەکی زۆری وشەی بیانی و چەندین شێوازی ئاخاوتن و بەکارهێنانی ژمارە لە شوێنی پیت، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێ، لە داهاتوودا کاریگەریی لەسەر زمانی پێڕەوبەند(Standard)ی کوردی هەبێت، بۆیە بە باشمان زانی، هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم بابەتە بکەین و هەموو ئەو کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنیانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوك و ماسینجەر لە سەر زمانیان دروستکردووە بخرێنە بەرباس، بە پشتبەستن بە چەند نموونەیەکی وەرگیراوی زمان و نووسینی نامە(chat)ی قوتابیان.

**وشە سەرەکییەکان:** زمان , تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان, پێڕەوبەند, نووسینی نامە, کاریگەری.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە

### 1.1 پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو دیاریدە زمانیانەی لەنێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەت فەیسبوك و ماسینجەر دەبینرێن، لەگەڵ ئەو دیاریدانەی کە پەیوەندیی بە توێژینەوەکە هەیە، بۆ ئەم مەبەستە پشت بەو سەرنج (comment) و نووسینی نامانە (Chat)بەستراوە، لەلایەن قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بە ڕەزامەندیی خۆیان بۆ توێژەریان ناردوە، لە پاشکۆ دانراون.

### 1.2 ناونیشانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی ((پەیوەندیی نێوان زمان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوك و ماسینجەر) بەنموونە)). دانراوە، کە خۆی لە بواری زمانەوانیی کارەکی((Apply linguisticsدا، لقی زمانەوانی ئامێرە زیرەکەکان دەبینێتەوە کە لقێکە لە زمانەوانیی کارەکی. زمانەوانیی گشتی دابەشدەبێ بۆ زمانەوانیی کارەکی و زمانەوانیی تیۆری.

### 1.3 ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، نیشاندانی دیاریدەکانی تێکدانی پاراویی زمانە، کە کەمترین توێژینەوەی دەرباره کراوە، بەتایبەت ئەو زمان و شێوازی قسەکردن و ڕێنوسەی کە لەنێو تۆڕەکانی فەیسبوك و ماسینجەر بەکاردێ، بەشی هەرە زۆری بەکارهێنەرانیش گەنجان.

### 1.4 هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

ئامانجی سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دوو هۆکاری سەرەکین، یەکەم: لە زمانی کوردیدا توێژینەوەی لەم بابەتە کراوە. کەمترین تیشك خراوەتە سەر زمانی ئەلیکترۆنی،

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 3، العدد 1 (2022)
أُستلم البحث في 15 آذار 2022؛ قُبل في 12 نيسان 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 3 يونيو 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف: Mohammed.o.ali@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © 2022 مەحمەد، عەبدوڵڵا . هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەتایبەت زمان و نووسینی نێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، دووەم: یەکێکە لە کێشە هاوچەرخەکانی زمان کە تیایدا ڕۆژانە لە نووسینی نامە (chat) و سەرنج (Comment)هەڵەی زەقی زمانەوانیمان بەرچاو دەکەوێ. بۆیە بە پێویست زانرا خشتێك لە زانیاری بخەمە سەر هەیکەلی باڵەخانەی زانستی زمانی کوردی.

### 1.5 ڕێبازی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە، لە ڕێگەی تیشك خستنە سەر ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی نووسینی نامە(chat) و سەرنجی (comment) فەیسبوکی هەندێ لە قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سەلاحەددین بەنموونە وەرگیراون، هەروەها مەیدانی توێژینەوەکە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردییە.

### 1.6 ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

بەشێوەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە، جگە لە ئەنجام، پاشکۆ، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەریەکە لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی، خۆی لە دوو بەشی سەرەکی دەبینێتەوە: لە بەشی یەکەمدا ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێ: مێژوو، ناساندن، تایبەتمەندی، ئەرك و جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە تەوەری دووەمدا هەریەکە لە پێناسەی زمان، زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن، جۆرەکانی پەیوەندیکردن و ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لەخۆدەگرێ.
لە بەشی دووەمدا، لەتەوەری یەکەم هەریەکە لە زمانی فەرمی و نافەرمی، پێناسەی زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تایبەتمەندیی زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتی زمانی زاڵ بەسەر زمانی بەزیو لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆدەگرێ، پاشان هەریەکە لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی خراوەتەڕو، لە تەوەری دووەمدا، کاریگەریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەریەکە لە ئاستەکانی زمان خراوەتەڕوو.

## بەشی دووەم ـ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

### 2.1 تەوەری یەکەم: ناساندنی زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن

#### 2.1.1 چەمك و پێناسەی زمان

لەبارەی چەمکی زمان لە زمانی ئینگلیزیدا(Language) بەکاردێت، لەزمانی عەرەبیشدا (اللغة) بەکارهاتووە، لەزمانی کوردیشدا (زمان و زبان ) بەکارهاتووە (عبدالرحمان،2009: 18).دیارە پێناسەی دیاریدەیەکی وەکو زمان، کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی دیاریدەیەکە لە زۆر ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە سەیر دەکرێ و هەر شارەزایەك لە چوارچێوەی تایبەتمەندیی خۆی لێیدەکۆڵێتەوە، بێگومان ناکرێ پێناسەی زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونی و ئەندازیارانی دەنگ وەك یەکبن، لەبەر ئەوە چەند پێناسەیەکی زمان وەردەگرین لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە:
زمان هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردنە و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا کاری پێدەکرێ، زۆر لە زانایان، زمانیان وەك دیاریدەکی کۆمەڵایەتی داناوە و لەو چوارچێوەیدا سەیری زمانیان کردووە و توێژینەوەیان لە سەر کردووە، لەوانە: ئەرستۆ (284-322پ.ز) پێیوابوو: ((زمان دیاریدەکی کۆمەڵایەتییە و دەنگەکانی هێمای زاراوەین و هیچ پەیوەندیەکی سروشتی و ڕاستەوخۆیان بە واتاکانیانەوە نییە)).

هەروەها فێردیناند دی سۆسێر (1857- 1913ز) کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، پێیوایە ((زمان دیاریدەیەکە وەك هەر دیاریدەیەکی تری کۆمەڵایەتی و بگرە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مرۆیی هەر بەهۆی زمانەوە دەکرێ)).
لێرەدا دەردەکەوێ سۆسێر پێیوایە(زمان ئەرکێکی مرۆیە، مرۆڤ تەنیا لە سروشت لە دایك نابێ، بەڵکو لە کۆمەڵگەیەکیش لە دایك دەبێ و بەپێی کەلتوری ئەو کۆمەڵگەیە ڕەفتار دەکا، ئەگەر لەو کۆمەڵگەیە دووربخرێتەوە، دەتوانێ بڕوات و خواردن بخوات و پێداویستی ژیانی دابین بکا، بەڵام فێری قسە نابێ، چونکە کەس نییە فێری قسەی بکا، لەبەر ئەوە زمان دیاریدەیەکی مرۆییە تەنیا لە ژینگەی مرۆییدا گەشە دەکا (مەحمەد،2009: 7) .
کەواتە زمان دیاریدەکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ لەو ژینگەی تێیدا دەژی وەریدەگرێ و دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو ژینگەیەشەوە، بە نەمانی ئەو کۆمەڵگەیەش ئەو لەناو دەچێ، چونکە ئەو ئامێری پەیوەندیکردنە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، تەنانەت شوێنەواری زمان درێژ دەبێتەوە بۆ نێو هەموو دیاریدە شارستانییەکانی تر، چونکە ئەوەی دەکرێت و دەوترێ بۆ ئەوەیە کەسانی دی لێی تێبگەن و پەیوەندیی لە نێوانیاندا دروست بێ.

#### 2.1.2 زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن

ئەرکی پەیوەندیکردن سەرچاوەی هەمو ئەرکەکانی تری زمانە، چونکە ئەم ئەرکە هاوبەشی هەموو ئەرکەکانی تری زمان دەکا و ڕۆڵی سەرەکی لە نێوانیان دەبینێ سۆسێر لەم بارەیەوە پێیوایە، ((زمان ئەرکی پەیوەندیکردنە، بەو شێوەیە پێناسەی دەکا: زمان بریتییە لە سیستەمێکی دیارکراو لە هێماکان کە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و بۆ گواستنەوەی پەیامە مرۆڤایەتیەکان بەکاردێ))(حوسێن،2012: 36). لەمبارەوە ساپیر پێیوایە، ((زمان هۆکارێکی خۆویستە، تاك لە ڕێگەی سیستەمێکی هێماوە بۆ گەیاندنی بیرەکان و هەڵچوونەکان و ئارەزووەکانبەکاریاندەهێنێ، زمان لە هەمان کاتدا ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئەرکی گەیاندن و پەیوەندیکردنیش بەجێدەهێنێ)). )ئەحمەد،2017: 21).
سەرباری ئەوەی زمانی مرۆڤ ئەو سیما پەسەندانەی هەیە، بەڵام کردەی ئاخاوتن بەو ڕادەیە ئاسان نیە کە بەرچاو دەکەوێ، لە کردەی پەیوەندیکردندا دوو لایەن لە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە بەشدارن، ئەوانیش هەر یەکە لە نێرەر و وەرگرن. هەر یەکەیان ڕۆڵێکی جیاواز و بەشە ئەرکێکی هاوبەشیان لەو پەیوەندیکردنەدا دەکەوێتە سەر.

#### 2.1.3 جۆرەکانی پەیوەندیکردن

مرۆڤ لە پێناو گەیشتن، بە ئامانجەکانی و گەیاندنی بیر و زانیاریەکانی، لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی تر، بە چەند ڕێگەیەك لە پەیوەندیدایە، گرنگترین جۆرەکانی ئەمانەی خوارەوەن.

##### 2.1.3.1 پەیوەندیکردنی خودی

ئەم جۆرە پەیوەندییە، کە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا دەیکا، وەك بیرکردنەوە، چونکە مرۆڤ کاتێك بیردەکاتەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ، واتە پەیوەندیکردنەکە لە ناخی کەسەکەدایە، لەڕووی بەکارهێنانەوە زۆربەی کات بێدەنگە، ئەم جۆرەی پەیوەندیکردن مۆنۆلۆگیشی پێدەوترێ، واتا ، خۆدواندن:

**2.1.3.2 پەیوەندیکردنی کەسی (ڕاستەوخۆ):**

ڕاستەوخۆ یا بەرامبەرییە، لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێ، لەم پرۆسەی پەیوەندیکردنەدا، بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ یان، دەستکرد لە ڕێگەی تەلەفۆن و مۆبایل کەناڵەکانی ئینتەرنێت زانیاری و بیرورا لە نێوان کەسەکان ئاڵوگۆر دەکرێن، نێرەر و وەرگر لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدا دەبن، لە شوێنێکی دیاریکراودا، هەردووکیان لە یەك کاتدا دەبن بە نێرەر و وەرگر، لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا مرۆڤ دەتوانێ، لەگەڵ خەڵکانی تردا هەڵسوکەوت بکا و شتیان لێوە فێربێ، خۆی پێیان بناسێنێ و شتیان فێربکا (جەراد، 2013: 14) .

**2.1.3.3 پەیوەندیکردنی ناوەندی**

لەم جۆرەی پەیوەندیکردندا نێرەر، پەیام و زانیاری ئاڕاستەی کۆمەڵە کەسێك دەکات، بەڵام لە کاتی ئاخاوتندا وەرگر ناتوانێ ئاخاوتنەکەی پێ بڕێ، تا پەیامەکەی کۆتایی دێت، کات و شوێنی پەیوەندیکردنەکە کاریگەریی زۆری لەسەر پەیام و ئاڕاستەی ئاخاوتن هەیە، بە جۆرێك دەتوانرێ، لەڕێگەی کات و شوێنەوە ئەم پەیوەندییە چالاکتر بکرێ، لەم جۆرەی پەیوەندیکردنە جگە لە پەیوەندیی زمانی، پەنا دەبرێتە بەر پەیوەندیی نازمانی و زمانی جەستەیش (محەمەد،2020: 17).

**2.1.3.4 پەیوەندی جەماوەری:**

لە پەیوەندیی جەماوەریدا ژمارەی وەرگرەکان زیاترن و پەیامەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن...هتد)وە پێیان دەگا، پەیوەندییەکە تا ڕادەیەك ناڕاستەوخۆترە، بەڵام یەکە پێکهێنەرەکانی پرۆسەی پەیوەندیی بەردەوام ڕۆڵی خۆیان هەیە، ئەمەش بەزۆری لە لایەن دەستە و دامەزراوەکان لە ڕێگای جەماوەریەوە ئەنجام دەدرێ (عەلی، 2015: 16).

**2.1.4 ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن:**

بە شێوەیەکی گشتی، ڕەگەزەکانی کردەی پەیوەندیکردن، بریتییە لە چەند ڕەگەزێك، کە پەیوەندیەکی بەهێزیان بە یەکتریەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن، لە هەمانکاتدا لەگەڵ بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کاریگەرییان لەسەر گواستنەوەی بیرۆکە و زانیارییەکان لە نێوان تاك و گرووپەکاندا هەیە،

**2.1.4.1 نێرەر:**

نێرەر ڕەگەزێکی سەرەکی پەیوەندیکردنە، خاوەن پێگەیەکی باڵایە و دەتوانێ کاریگەریی دروست بکات و لە بەرژەوەندی خۆی پەیام و شێوازی ئاخاوتنەکە هەڵبژێرێت.

نێرەر ئەو کەسەیە، پەیامێك بە مەبەستێك و لە بارودۆخ و کات و شوێنێکدا بە ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانی و واتاییەکان و پابەند بوون بە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان دەنێرێ. بەبێ نێرەر پەیوەندی دروستنابێ، جا بۆ ئەوەی نێرەر کاریگەریی لەسەر وەرگر دروستبکا و مەبەستی سەرەکیی پەیامەکەی بگەیێنێ، دەبێ ئاگاداری هەڵبژاردنی وشە و ڕستە و دەستەواژەکان بێ، نێرەریش مەرج نییە، تاکە کەسێك بێ، بەڵکو لەوانەیە کۆمەڵە کەسێك، دەزگایەك، دامەزراوەیەك بێ (ئەحمەد،2017: 6).

**2.1.4.2 پەیام:**

پەیام هەموو ئەو هێما زمانی و نازمانیانەیە، کە گوزارشت لە بیر و زانیاریی نێرەر دەکات، نێرەریش لە کات و شوێنێکی گونجاو ئاڕاستەی وەرگری دەکات. پەیام: بریتییە لە بیر و زانیاریی و هەست، کە نێرەر بۆ وەرگر ئاڕاستەی دەکات، پەیام لەوانەیە دەنگی یان نوسراوێ، دەشکرێ پێکەوە زمانی و نازمانی بێ، (عەزیز،2010: 15).

**2.1.4.3 وەرگر:**

ئەو کەسەیە پەیامی ئاڕاستە دەکرێ، ڕەگەزێکی سەرەکی پەیوەندیکردنە، هەروەها ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دروستکردن و بەردەوامبوونی پەیوەندی لەنێوان ئاخێوەران. وەرگر ڕاستەوخۆ پەیام وەرناگرێ، بەڵکو هەڵدەستێ بە کۆمەڵێ پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵێنجان بە گوێرەی بارودۆخی دەروونی و چڤاکی و ئاستی زانیاریی و ڕۆشنبیری (محەوی،2017: 47). بە ئامانجی تێگەیشتنی پەیام و مەبەستی نێرەر، بۆ ئەوەی پەیامەکە بە ڕوونی بگات، بەڵام ئەگەر هاتوو لەشیکردنەوەی کۆدەکان (مەبەستەکان) کە هەڵگری پەیامەکەن، وەرگر سەرکەوتوو نەبوو، پەیامەکە ئامانجی ناپێکێ و پێویست بە دووبارەکردنەوەی پرۆسەکە دەکا، لەلایەن نێرەرەوە (خضر، 2015: 47). بەمەش وەرگر دەست دەکات بە شیکردنەوەی ئەو کۆدانەی، کە هەڵگری پەیامی نێرەرن، بە ڕەچاوکردنی ئەو دەوروبەرەی پەیامەکەی تێدا ئاڕاستەکراوە.

**2.1.4.4 کۆد (مەبەست):**

کۆد بە هێماکردنی مەبەست و زانیاریی و بیرۆکەکانە، واتە ئەو پەیامەی نێرەر دەیەوێ بە گوێگر بگەیێنێ، سەرەتا دەبێ دایبڕێژێتەوە سەر هێمایەك، ئینجا ئاڕاستەی گوێگر (وەرگر) بکات، بە مەرجێك دەبێ هێمایەکی هاوبەش لەنێوان نێرەر و وەرگر هەبێ و کردەی تێگەیشتن بێتە ئاراوە، کۆدەکە (مەبەستەکە)ش دەشێ هێما زمانی، یان نازمانی بێ (ئەحمەد،2017: 7).

**2.1.4.5 کەناڵ:**

کەناڵ بریتییە: لە پردێکی بەهێزی پەیوەندیی بۆ بەیەك گەیاندن و گواستنەوەی پەیام لە نێوان نێرەر و وەرگردا، کەناڵ ئامرازێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی زانیاری، کاتێك نێرەر پەیامەکەی دەکات، بە کۆدێکی گونجاو و هەبوونی کەناڵێکی باش هۆکاری سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن، چونکە کەناڵەکان خاڵی بەهێز و بێهێزیان هەیە (دزەیی، 2013: 17). کەناڵ بە پێی شێوە و جۆری پەیوەندی و کۆدی پەیوەندیکردن دەگۆڕێ، وەك: (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، گۆڤار، ڕۆژنامە، مایکرۆفۆن، نەخشە، لیست، کۆمپیوتەر، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان،....هتد).

**2.1.4.6 دەوروبەر:**

ئەم ڕەگەزە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، بە تایبەتی لەپرۆسەی ئاخاوتندا، ڕۆڵی لە دانەکانی دیکەی پەیوەندیکردندا کەمتر نییە، چونکە بەپێی تیۆری دەوروبەر، وشە و ڕستە لە پرۆسەی ئاخاوتندا بەبێ لێکدانەوەی دەوروبەر، واتا دروست نابێ، چونکە دەوروبەر بەشێك لە واتای ئاخاوتن ڕووندەکاتەوە و تەواوی دەکا، لەبەر ئەوەی واتای گوتن یەکسانە بە واتای ڕستە لەگەڵ دەوروبەردا، کەواتە لە دەوروبەری زمانی پەیوەندی بە واتای ڕستەو دەق و نووسینەوە هەیە، هەرچی دەوروبەری نازمانییە پەیوەستە بە پرۆسەی ئاخاوتنەوە، کە دەوروبەری کەلتوری و کۆمەڵایەتی و سۆزداریی و هەڵوێست دەگرێتەوە، بە پێی ئەو دەوروبەرانەدا لە واتای پەیامەکە دەگەین و کۆدەکان شیدەکرێتەوە، لەبەر چاو نەگرتنی دەوروبەر کۆدەکان(مەبەستەکان)یش جۆرە واتایەکی تر هەڵدەگرن (عەلی،2015: 13). بۆ نموونە: لە پەیوەندی جەماوەریدا نێرەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیام دەنێرێ بۆ وەرگر، بەڵام لە پەیوەندی بەکۆمەڵدا (چات گروپ و ڤایبەر واتس ئەپ و ماسێنجەر) لە سەردەمی ئەمرۆدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێ بۆ وتار و کۆر و کۆبونەوە زانستییەکان.

**2.2 تەوەری دووەم: ناساندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.**

**2.2.1 مێژووی سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

مێژووی دەرکەوتنی چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (social net works) بۆ زانای بەناوبانگی فیزیك و مرۆڤناسی (ئەنثرۆپۆلۆجی) بەریتانی جۆن بارنیز John) (Barnesدەگەڕێتەوە، لە ساڵی(1994)دا ئەم چەمکەی بە شێوازێکی کۆن(کلاسیك) وەکو نموونەی گەیاندنی پەیامی جیهانیی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان تاکەکان لە وڵاتە جیاوازەکان بەکارهێنا، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی نووسین و پەیامی نوسراوبو(راهد، 2017: 16) .

لە دوای ساڵی (1995) بۆ یەکەمجار وێب سایتێك بەناوی (www.classmates.com)پەیدابوو، دواتر لە ساڵی (1997)دا وێبسایتێك بە ناوی (www.sixdegrees.com) دەرکەوت، ئەم وێبسایتانە ڕێگەیان بە کۆمەڵێك کەس دەدا، ئەکاونت (هەژماری کەسێتی)و لیستی هاوڕێیان و بۆ پەیوەندیکردن بە یەکتر دروستبکەن، ئەم خزمەتگوزاریانە بە سەرەتای سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێن (محمود،2015: 30). لە ساڵی (2002)دا کۆمەڵێکی تر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دروستبون لەوانە (www.frindster.com) :کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، هەر لە هەمان ساڵدا، لە فەرەنسا تۆڕێکی تری کۆمەڵایەتی بە ناوی(www.skyroch.com) سەری هەڵدا .

لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیا پێویستیی بەکارهێنانی میدیایی نوێ، بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵاییەکان پتربو، بە پێی ڕاپۆرتێك لە ماڵپەری (statist a) لە ساڵی (2021)دا، بڵاوکراوەتەوە زیاتر لە (6،3)سێ ملیار و شەش سەت ملیۆن کەس لە جیهاندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، پێشبینی دەکرێت تاوەکو ساڵی (2025) ژمارەی بەکارهێنەرانی بۆ (4.4) ملیار کەس لە سەرتاسەری جیهاندا بەرزبێتەوە، لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، ئێستا هەریەکە لە (فەیسبوك و یوتیوب) زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە (مەحمود، ،2021: 34). لە ساڵی (2003)دا، قوتابییەك بە ناوی (مارك زوکربێرگ) لە زانکۆی هارڤارد تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەناوی فەیسبوك دروستکرد (فهد بن عبدالعزيز،2017: 33). لەوسا بە دواوە شۆڕشێکی بەرفراوانی ئەپلیکەیشنەکان (بەرنامەی فێرکاری خزمەتگوزارییەکان)ی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو: ئینستاگرام، تویتەر، تیك تۆك، سناپچات... هتد) سەریانهەڵدا .

سەرهەڵدانی ئەنتەرنێت لە کوردستاندا، بە شێوەکی گشتی لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە لە ساڵی (2003)دا دەرکەوت، میدیای ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەکردنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی، پێگە ئەلیکترۆنییەکان ژمارەیان ڕوو لە زیادبوونکرد (رمضان،2019: 57) لە ئێستادا بە دەیان کۆمپانیای خزمەتگوزاریی ئەنتەرنێت مۆڵەتی کارکردنیان هەیە و بە شێوەیەکی زۆر فراوان هەموو توێژەکان بەکاری دەهێنن.

**2.2.2 ناساندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

ناساندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، هەر زانا و توێژەرێك لە ڕوانگە و تێگەیشتنی خۆیەوە پێناسەی کردوە، هەرچەندە هەمویان جەخت لە سەر یەك شت دەکەنەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتییە بوار بە بەکارهێنەرانی دەدات گفتوگۆ بکەن و زانیاری ئاڵوگۆر بکەن، لێرە ئاماژە بە چەند پێناسەیەك دەکەین، لەوانە:

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: بریتییە لە کۆمەڵێك ئەپلیکەیشن، کە بەستراونەتەوە بە تۆڕی ئینتەرنێت لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا و تەکنەلۆژیا لەسەر وێب بنیاتنراون، ڕێگا بە دروستکردنی هەژمار و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لە نێوان تاکەکان و بە هەمان شێوە یارمەتی تاکەکان دەدەن تاوەکو بیر و ڕایەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ بکەن (صادق، 2021: 26-28).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: مەبەست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو هێڵانەیە کە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردێن، ئەمەش لە ڕێگەی ئینەرنێتەوە ئەنجامدەدرێت، هەندێك سەرچاوە بە میدیای زانیاری ناوی دەبەن (حەمە سەعید، 2019: 64).کەواتە: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە تۆڕی ئینتەرنێت کەوا خەڵك بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەڕێگەی ئەپلیکەیشنەکانەوە دەتوانن زانیاری و وێنە و نوسین ئاڵوگۆر بکەن.

**2.2.3 ئەرکەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندین بۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە گەورەی لە هەموو بوار و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەیبینێت، لێرە تەنیا ئاماژە بەو ئەرکانە دەکەین کە زۆرینەی پسپۆڕان لەسەری کۆکن، لەوانە:

**2.2.3.1 هەواڵگەیاندن:** هەواڵ، بریتییە لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر هەر دیاریدەیەکدا دێ لە جیهاندا و دەبێتە ڕووداوێك. زانین و بڵاوکردنەوەی وردەکاریەکانی کات و شوێنی ڕووداوەکە لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن، دەبێتە هەواڵگەیاندن. (جەراد،2012: 22) .

**2.2.3.2گەشەکردنی کۆمەڵایەتی:** ئاسانکاریی تەواو بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە و گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە دەکەن. واتە هەر ناوی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە میدیایە دێت بۆ کۆمەڵایەتیبونە، کە تاك دەیەوێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی فراوان بکات (حەمە سەعید، 2019: 75) .

**2.2.3.3 ڕۆشنبیری کردن:** واتە بڵاوکردنەوەی زانیاری بەشێوازێك ببێتە هۆی نەشونماکردنی ڕۆشنبیری و پێکهێنانی کەسێتی و بەدەستهێنانی کارامەیی و لێهاتوویی و لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیاندا (کەمال و کەلاری،2013: 31) .

**2.2.3.4 هاندان:** وشیارکردنەوەی وەرگران و ڕوونکردنەوەی لایەنی ئەرێنی چاکە و لایەنی نەرێنی خراپە، دەبێتە هۆی وروژاندن و هاندانی کۆمەڵگە بۆ پێشکەوتن و باشتربون (محەمەد،2015: 28) .

**2.2.3.5 ئەرکی تاوتوێکردن:** میدیایی نوێ خەریکە دەبێتە جێگرەوەی باخی ئەکادیمیای یۆنانییەکان و هۆڵەکانی دەزگا کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئاینی...هتد هاوچەرخ، بۆ ئاراستەکردن و ئاڵوگۆڕی پەیامەکان. (ڕەشید، 2008: 15).

**2.2.3.6 ئەرکی ڕێکلام:** پڕوپاگندە، فەرماندانێکی ناڕاستەوخۆیە، نێرەر هەوڵدەدا وەرگرەکان بۆ کارێکی ئەرێنی، یان نەرێنی ئاراستە بکا. بە تایبەتی ڕێکلامی بازرگانی، نێرەر هەوڵدەدا، سەرنجی وەرگر بۆ کڕینی کاڵاکانی ڕابکێشێ. کەواتە یەکێك لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی میدیایی نوێ ڕێکلامکردنە بۆ شتومەك و خزمەتگوزارییەکان (شاسواری، 2013: 17).

**2.2.3.7 ئەرکی خۆشکاری:** مێشکی مرۆڤ بەردەوام بەرزەفتەی هەمو ئەندام و کۆئەندامەکانی جەستە دەکا، بۆیە دوای هەر ماندوبونێك، پێویستی بە پشو و هێوربونەوە دەبێ، بونی بەرنامەی دەنگی و ڕەنگی ئاسودە بەخش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینێن لە خاوکردنەوەی مێشك و دابینکردنی ناوبرەکانی

کاتەکانی خۆشەکاری (ژوبیان،2009: 54).

**2.2.4 جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندین جۆری جیاوازیان هەیە، بە جۆرێك رۆژانە تۆڕی کۆمەڵایەتیی نوێ دێنە کایەوە، ئەمانیش چەندان جۆری جیاواز لەخۆ دەگرن لەوانە ( فەیسبوك، ئینستگرام، تیکتۆك، تویتەر، یوتیوب، سناپچان، تیلیگرام ... هتد.لێرەدا تەنیا تیشك دەخەینە سەر ئەو جۆرانەی لە سنور و چوارچێوەی باسەکەماندایە:

**2.2.4.1 فەیسبوك:**

لە ساڵی (2003)دا قوتابییەك بە ناوی (مارك زوکوبێرگ) لە زانکۆی هارڤارد تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی بە ناوی فەیسبوك دروستکرد (فهد بن عبدالعزيز،2017: 33).فراوانترین تۆڕی کۆمەڵایەتییە لە سەرانسەری جیهاندا بەشداربووانی ئەم تۆڕە هەموو کەسێك و لە هەموو شوێنێکن، لە رێگەی ئەو تۆڕەوە وێنە و نوسین و ڤیدیۆ و گفتوگۆی نێوان هاوڕێیان ئاڵوگۆڕ دەکرێن و ڕادەربڕین و دەستخۆشیکردن ئەنجامدەدرێت (قادر، 2018: 389).

فەیسبوك: بریتییە لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵێك ئارەزو بەخشە بۆ گەیاندن لەگەڵ کەسانی تردا، بە شێوەیەك بەکارهێنەران دەتوانن، کارلێکبکەن، بە رێگەی نامە ناردنی تایبەت کە هاوشێوەی ئیمەیلکردن(Emailing) ە، ئەندامانی نێو ئەو تۆڕە رەنگە هەندێك جار بتوانن پۆستێك لەسەر پرۆفایل (دۆسیەی کەسێتی)ی و دیواری (Wall)،یان هەژماری تایبەتی هاوڕێکانی بڵاودەکاتەوە، هەروەها دەتوانن وێنە و ڕوداو و زانیاری لەنێو گرووپەکان بڵاوبکەنەوە (مصطفى،2017: 9).

لە نێو پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا (فەیسبوك) خاوەن پێگە و مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی، تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە و کاریگەریی گەورەی لەناو جەماوەردا هەیە، لە ساڵی (2018)دا نزیکەی 2 ملیار و 17 ملیۆن بەکارهێنەری هەبووە، لەساڵی (2020)دا ژمارەی بە کارهێنەرانی 3 ملیار بەکارهێنەری تێپەڕاند، بە جۆرێك رۆژانە لەنێو سێ بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت گەنجان دووانیان بەکارهێنەری فەیسبوکن (حەمە سەعید،2019: 78) .

هەروەها بەشێکی تایبەت لە نێو فەیسبوك هەیە، بەناوی ماسنجەر فەیسبوك (Messenger Face book :) ئەم ئەپە لە ساڵی (2011)دا دامەزراوە، لەساڵی (2014)دا بە باشترین بەرنامەی خزمەتگوزاری ئاڵوگۆڕکردنی نامەکان (ئەپڵیکەیشنی چاتەکان)هەڵبژێردرا، ماسنجەر خزمەتگوزاری نامەناردنە، لەلایەن کۆمپانیای فەیسبوکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە ساڵی (2017)دا، هاوشێوەی ئەپەکانی تر توانی ستۆری ( Story)زیادبکات، ئەم ئەپە سەربەخۆیە، واتە، دەتوانرێ بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی ئەکاونتی فەیسبوك بێت، بەکارهێنەرانی ئەم ئەپە دەتوانن، نامە و وێنە و ڤیدیۆ لەنێوان خۆیاندا بگۆڕنەوە (صديق،2021: 50).

**بەشی سێیەم: پەیوەندی نێوان زمان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

**تەوەری یەکەم: زمان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

**3.1 پێناسەی زمانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

زمان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئێمەی کورد دیاریدەیەکی تازەیە، وەکو هەر زمانێکی تر بە هەردوو شێوەی نوسین و ئاخاوتن( دەنگی، ڕەنگی) بەکاردێت بۆ گفتوگۆی نافەرمی نێوان دوو هاوڕێ، یان زیاتر بە شێوەی گروپ، کەتیایدا پەیام و زانیاریەکان ئاڕاستەی یەکتر دەکەن بەزمانێکی نافەرمی، بەتێکەڵکردنی وشەی بیانی و بەکارهێنانی ژمارە لەبڕی پیت و جێگۆرکێی کەرستەکانی ڕستە.

زمان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زمانێکی نافەرمی شکاوە، بە تێکەڵکردنی وشەکانی زمانەکان و پشتگوێخستی ڕێزکردنی پێکهاتەی ڕستە، ئەم زمانە زیاتر تایبەتە بە چینێکی دیارکراو، ئەویش زۆرینەی چینی لاوان (خالد،2017: 177).

زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زمانێکی سادەی ئاخاوتنی گشتییە بەکارهێنەران بە مەبەستی پارستنی وزە و کەمی کات، هەوڵدەدەن بە کورترین شێوە، مەبەست و زانیارییەکانی خۆی بگەیێنێتە وەرگر(جراد،2013: 30)

زمانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە نوسینی ئەو بیرەی کە لە هزری مرۆڤدا هەیە، لە ڕێگەی ئامێرەکانی مۆبایلەوە پێشکەشدەکرێ، بەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی زانیاری لە نێوان نێرەر و وەرگر، دەرئەنجام کردەی پەیوەندیکردن دروست دەبێت و لێکتێگەیشتنی لێدەکەوێتەوە (حوسێن،2021: 167) .

کەواتە زمانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە: لە نووسینی دەقەکان، بە زمانێکی سادەی ئاخاوتنی گشتی(بازاری) دوور لە زمانی پاراوی نووسین، چونکە ئاشکرایە زمانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەنگدانەوەی دەربڕینی بیری خودی هاوڵاتیانە.

**3.2 تایبەتمەندیی زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

**3.2.1 هاوچەرخی:** لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانە بەکاردێ، کە نوێ و هاوچەرخن، لەگەڵ سەردەم دەگونجێن، ڕیتم و ئاوازەکانی گونجاو بن، ببێتە هۆی ئاسان تێگەیشتنی وەرگر، چونکە ئاشکرایە بەکارهێنەرانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو چین و ئاستەکانی کۆمەڵگە لە خۆ دەگرێ (عەبدولخالق ئیبراهیم، 2015: 14).

**3.2.2 ڕونی و سادەیی:** دیارترین سیمای زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەکارهێنانی زمانێکی گشتییە، وشە و ڕستەکانی سادەن و بەکارهێنەران دەتوانن بە ئاسانی تێبگەن، بۆیە پێویستە وشە و ڕستە و واتای بەکارهاتوو لە دەوروبەری قسەکردندا روون و ئاشکرابێت.

**3.3.3 کورتبڕی:** لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەتایبەت لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاریدەی کورتبڕی(ئیکۆنۆمی)هەیە، ئەویش لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا بەکاردێ، بەمەستی وزە پارستن و خێرا گەیاندنی پەیامەکەی لەکەمترین کاتدا(2020Fareed,M etal,).

**3.3.4 پابەند نەبون بە یاساکانی زمان:** بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەی کات پابەندی یاساکانی ڕێزمان و ڕێنساکانی زمان نابن، ئەمە جگەلەوەی زۆربەی کات لە کاتی نووسین ژمارە لە بری فۆنیم بەکاردێنن و پێیان وایە ئەم شێوازی بەکارهێنانی زمانە ئاسانتر و سەرنجڕاکێشترە بۆیە بەکاری دێنن.

**3.3.5 بەکارهێنانی زمانی توند و تیژ و زبر:** بەشێوەکی گشتی زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی نووسینی سەرنج( کۆمێنت) و نوسینی نامە(چات)دا، زمانێکی زبری نەشیاو، توند و تیژ و بەبێ فلتەر بەکاردەهێنن لە کاتی گوزارشتکردنیان بۆ باتەکان(Carter, S, et al, 2013).

**3.3.6 وشە خواستن و دەوڵەمەنکردنی فەرهەنگ:** یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، خواستنی وشەی زمانە بیانیەکانە، ئەمەش لە لایەك دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، لەلایەکی تر دەبێتە هۆی مردنی

زمانی دایك بەتایبەت ئەگەر لە بەرامبەر وشە بیانیەكە وشەی كوردیمان هەبێت.

**3.3 كاریگەریی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر زمان:**

گومان لەوەدانییە پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا بەگشتی و هاتنی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەتایبەتی كاریگەریی لەسەر هەموو كایەكانی ژیانی تاك و كۆمەڵ كردووە، زمانیش وەكو هەر دیاریدەك لەو دیاریدانە،لەو گۆڕانكاریانە بێ بەش نەبوە، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان جیاواز لە ڕاگەیاندنی كلاسیك، هەر بەكارهێنەرێك دەتوانێ لە ڕێگەی مۆبایلێكی زیرەكەوە، گوزارشت لە بۆچوونەكانی خۆی بكات، واتە هەر كەسێك لە نێو شوێنی نوستنەكەی، یا كەسێكی كاسبكار لە شوێنی كاركەوەیەوە، فەرمانبەرێك لە كاتی كارەكەی، هەموو ئەمانە قسەی خۆیان هەیە و هەریەكە بە شێوازی ئاخاوتنی تایبەتی خۆی پەیام بڵاو دەكاتەوە، سروشتی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكانیش تێكەڵكردنی ڕۆشنبیریی و كەلتوری نەتەوەكانە، ئەمەش ڕاستەوخۆ كاریگەریی لەسەر زمانی بەكارهێنەران دەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر تێكەڵكردنی وشەكانی زمانەكان دەبێت.

كەواتە زمان لە نێو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان جگە لە ئەركی پەیوەندیكردن، ئەركی ناساندن و تێكەڵبونی شارستانیەت و كەلتوری نەتەوە جیاوازەكانە، ئەمەش كاریگەریی لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی و زمانی بەكارهێنەرانی نێو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان دەبێت، لەمبارەوە (سیم و پۆپ) جەخت دەكەنە سەر كاریگەریی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەتایبەت فەیسبوك و ماسینجەر، كە كاریگەریی هەیە لەسەر بەرەو پێشچوونی ئاستی زمانی قوتابیان، بەتایبەت زمانی ئینگلیزی لەڕووی وشەسازیەوە خۆی خزاندۆتە نێو زۆربەی زمانەكانی جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وا خۆیان نیشان دەدەن كاریگەریان هەیە لەبەرەو پێشچونی زمانەكان .Chartand,2012))ناوبراو پێیوایە: ئەو بەرهەمە زمانییە بەشێكی گرنگە لە فێربوون، چارتان ئاماژە بەوە دەكات تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان یارمەتی بەكارهێنەران دەدات بۆ فێربوونی زمان لە ڕێگەی پۆدكاست و ڤیدیۆوە،هەروەها كومنۆیتی (kumnoetioy)پێیوایە: پلاتفۆڕمی فەیسبوك یارمەتی قوتابی دەدات لە بەرەو پێشبردنی ئاستی قوتابیان لە ڕووی ڕێزمان و وشەسازی و ڕێنوسەوە، هەروەها یارمەتی قوتابیان دەدا زانیارییەكان ئاڵوگۆربكەن و زانیاریی نوێ بەدەست بهێنن، هەروەها ئەوەش سەلمێنرایە كە زۆر بەسودە بۆ دەوڵەمەندكردنی كارامەیەكانی زمان وەكو: نوسین و خوێندنەوە، لە كاتی نوسینی نامە و سەرنج، بەكارهێنەران دەتوان ئەزمونی خۆیان نیشان بدەن، لەكاتی خوێندنەوەشدا دەتوان سود لە وشە و زاراوەی دەقە زانستییەكان وەربگرن.(chatand,2012)

كەواتە زمانی ئینگلیزی سودمەنترین زمانە لە نێو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕووی فێربوونی زمان، بەڵام زۆربەی زۆری زمانەكان لە ژێر ئەم كاریگەرییە بەهەڵە شێوازی نوسین و بەكارهێنانی ئەلف و بێی ئینگلیزی و كاریگەریی خستۆتە سەر زۆربەی زمانەكان، ئەمەش كاریگەریی خراپ و نێگەتیڤی لەسەر زمانەكانی تر دەبێ

گرنگە لە هزری خۆماندا بڵێن: كە جۆرەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان جیاوازن لە جۆرێكەوە بۆ جۆرێكی تر، ئەم جیاوازیەش كاریگەریی لەسەر قسەكردنی خەڵك هەیە، جگە لەوەی كە بۆ چ مەبەستێك بەكاری دەهێنن، وەك ئەم جیاوازیەی كە بەكارهێنەران گفتوگۆی پێدەكەن لە فەیسبوك و نامە نوسین و یارییە ئەلیكترۆنییەكان، بۆنمونە: بەكارهێنەری فەیسبوك كاتێك مەسیج بەكاردێنێ بۆ كاری تایبەتی، ڕێگا بە هاوڕێكانیشی دەدا گفتوگۆیەكی هاوڕێیانە ئەنجام بدەن، بەڵام لە یارییە ئەلیكترۆنییەكان كاتێك گفتوگۆ دەكەن زۆر خێراترن بە بەراورد بە چاتی نامە نوسین (Laia, P, L, 2016).

هەروەها جیاوازییەكی تری زمان لە نێو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەنموونە وەربگرین قەبارەی بەكارهێنەرانە، بۆنموونە: لە تویتەر بەكاردێ بۆ خێرایی خوێندنەوە و نوسینی نامەكان، بەڵام بۆ ژمارەیەكی كەمی بەكارهێنەران، هەرچی نامەی ماسینجەرە سنووری بەكارهێنانی زۆر فراوانترە، ئەمەش كاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەكارهێنەرانی زمان لەلایەن بەكارهێنەرانییەوە هەیە، وەكو تێكهەڵكێشكردنی زمان لە نێو بەكارهێنەران لە كات و شوێنی جیاوازدا بۆنمونە: كورتبڕی لە زمان بۆتە دیاریدەكی جیهانی بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزی (lought out loud) ، لەجیاتی ئەم ڕستەیە وشەی (LOL)بەكاردێ، لە زمانەكانی تریش هەمان حاڵەت هەیە، بۆنموونە: لەزمانی ئیسپانی (jajajajaj)بەكاردێ، لەزمانی ڕوس (xaxaxaxa)بەكاردێ، لە زمانی كوردیش بەهەمان شێوە (هههههه) بەكاردێ. بەواتای پێكەنین بە دەنگی بەرز دێت ( .(jima,2017

**3.4 زمانی بەهێز و زمانی لاواز لە ڕووی بەكارهێنانەوە لە نێو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان:**

لەنێو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا زمانی ئینگلیزی لەڕووی بەكارهێناوە زمانێكی باڵایە و دەستەڵاتی بەسەر هەموو زمانەكانی جیهان سەپاندوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی زمانی تەكنەلۆژیایە، زمانە لاوازەكانیش لە زۆربەی حاڵەتەكاندا بەناچاری وشەكان دەهێننە ناو زمانەكانیانەوە، ئەوەی جێی سەرنجە لەنێو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ئەلف و بێی ئینگلیزی لە بڕی ئەلف و بێی زمانە لاوازەكان بەكاردێنن بە تایبەت چینی لاوەكان، تاڕادەیەك جێی خۆی گرتوە و بەكارهێنەران لە نوسینی نامە و كۆمێنت بەكاری دەهێنن.

لە لێكۆڵینەوەیەكدا دەركەوتوە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵی زاڵ دەبینێت لە پەرەسەندن و ناسینی وشەی ئینگلیزی بۆ فێرخوازانی كورد، ناوبراو پێیوایە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وەك ڕێگایەكی سادە سەیر دەكرێن بۆ فێربونی گەلێ وشەی نوێی ئینگلیزی و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی بۆ پەرە پێدانی زمانەكەیان، ئەم ڕێگایە سەرنج ڕاكێشترە بۆ خوێندنەوە بە بەراورد بە خوێندنەوی كتێب، لە ساڵی (2016)دا گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵی زاڵ دەبینێت لە دەوڵەمەندنی وشەكانی زمانی ئینگلیزی لە نێو زمانەكان، هەروەها دەكات كە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان زیاتر یارمەتی فێرخوازان دەدەن بۆ فێربوونی وشەكان بە بەراورد بە كتێبەكان، چونكە فێرخوازان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بە سەرنج ڕاكێشتر دەزانن، لەبەر ئەوە چەندین كاتژمێر كاتەكانیان لە نێو تۆڕەكان بەسەر دەبەن بەبێ ئەوەی هەست بە بێزاری بكەن، هەروەها فێرخوازان دەتوانن لەڕێگەی ژمارەیەكی زۆری لە لاپەڕەكان، بە بایەخەوە لەسەر پلاتفۆرمەكانی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان پەرە بە كارامەیی زمانەكەیان بدەن، لەگەل ئەوەشدا درێژەدان بە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كاریگەریی خراپی لەسەر ئەو زمانە دەبێت كە فێرخوازان فێری دەبن، چونكە فێرخوازن ڕەنگە ئەو وشە و پێكهاتانە بەكاربهێنن كە نافەرمین و لە بواری ئەكادیمی گونجاو نین، واتە لەوانەیە سود لە فێربوونی وشەكانی زمانی ئینگلیزی ببینێ، فەرهەنگی زمانەوانی دەوڵەمەند بكات و نوسینی زمانی نافەرمی فێربن، كە گونجاو نییە بۆ نوسینی ئەكادیمی.

كەواتە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كاریگەریی نەرێنیان لەسەر فێرخوازن هەیە، چونكە ڕێنوس و شارەزایی نوسینی زۆربەی بەشداربوان بانگەشەی ئەوە دەكەن كە جەخت

لەسەر پێکهاتەی ڕێزمانییەکانی نوسینەکانیان ناکەن، کاتێك پۆستێك، یان لێدوانێك لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنوسن، هەروەها فێرخوازانی کورد،زیاتر کورتکراوە و زمانی نافەرمی لە نوسینە ئەکادیمەکان بەکاردێنن، بەهۆی بەرکەوتنیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

سەبارەت بە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕێنوس، شارەزایانی نوسین لە منداڵانی قوتابخانە پێیانوایە: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان فۆڕم و ژانرەکانی نوسینیان بۆ باشتر گۆڕیوە و قوتابیان هانداوە بۆ نوسین، دەرفەتی زیاتریان ڕەخساندوە بۆ ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیەندا زیاتر بەنموونەی نوسراوە پراکتیزە بکەن، هەرەها ڕاپۆرتەکانی ناو پۆل، هەموو ئەمانە بەیەکەوە فێرخوزانیان بەهێز کردوە : 202-216 ). 2021,Rebaz et al)

لە ئەنجامدا بەشێوەکی گشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی نەرێنیان کردۆتە سەر ڕێنوس و لێهاتویی نوسین، چونکە بەکارهێنەران پێیان باشە لە جیاتی زاراوە ئەکادیمیەکان، زیاتر فۆڕمی نافەرمی و ناپێویستی کورتکراوەی وشەکان بەکار بهێنن.

## 3.5 زمانی فەرمی و نافەرمی:

مەبەست لە زمانی فەرمی ئەو شێوە ئاخاوتنەیە لە دەوروبەرێکی گشتی فەرمی بەکاردێن، تاڕادەیەك تایبەت و ئاخێوەرانیش جۆرە بەر بەستێکی کۆمەڵایەتی لە نێونیان هەیە، ئەم شێوە زمانە فەرمیە پەیڕەوی یاسا و ڕێساکانی زمان دەکات و هەوڵدەدات بە وردی واتا و مەبەستی خۆی دەگەینێت، زیاتر لە دامو دەزگا حکومییەکان و نوسینە ئەکادیمیەکان پەیڕەوی دەکەن قسکردن بەم شێوازە زیاتر باوە بە بەراورد بە شێوازی نافەرمی بە تایبەت لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی نایان ناسین، یان پەیوەندی هاوڕێیەتیمان زۆر بەهێز نیە(بێری یاسین، 2013: 17)، هەرچی شێوە زمانی نافەرمییە، ئەو شێوە زمانەیە لەکاتی قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانەماندا دەکرێ، کەمتر هەست بە بەربەست دەکرێ، چەندین شێوەی جیاوازی هەیە، لەوانە: پەند و ئیدیۆم  بەکارهێنانی لە ناو کۆمەڵگەدا تاڕەدەیەك ئاسایە، بەڵام ڕەنگە قسە پێکەرانی زمانی تر کاتێك دەقێکی کوردی دەخوێنەوە، یاخود گوێیستی دەبن، تێگەیشتنیان زەحمەت دەبێ، چونکە هەر پەند و ئیدیۆمێك بەرهەمی بیر و هزری کۆمەڵگەیەکی تایبەتە، بۆنموونە:

*لەزمانی کوردیدا دەوترێت: لەگەل چوان مەچوو.

بەڵام* لە زمانی عەرەبیدا دەوترێت: الی فات، مات. واتە: ئەوەی ڕۆیشت مرد، هەمان ئەو واتایەی ئیدۆمی کوردی دەدا، بەڵام بەو شێوە داڕێژراوە لەگەڵ کەلتور و زمانی خۆیان بگونێت. بۆیە باشتر وایە لەکاتی بەکارهێنانی زمانی فەرمی لێیان دووربکەویتەوە.

هەروەها لایەنێکی تر لە زمانی نافەرمی بە کارهێنانی زمانی بازاری، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ئەو شێوازی قسەکردنە نافەرمییەیە، کە پێکهاتووە لە وشە و فرێزی زۆر نافەرمی، لە قسەکردندا زیاتر بەکاردێن، نەك نوسین، بەشێوەیەکی گشتی تایبەتن بە ژینگەیەکی دیاریکراو، یاخود چینێکی دیاریکراو (فەرهەنگی ئۆنلاینی ئۆکسفۆرد،2015)، بۆنموونە کۆمەڵە وشەیەك هەیە دەچنە خانەی زمانی بازاری کە ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێت وەك: سی یو، سۆری، کەپڵ، مارەباب، ئۆکەی، زمانی کوردیم ڕۆ...هتد.

هەروەها لایەنێکی تری زمانی نافەرمی بەکارهێنانی زمانی نامەی ئەلیکترۆنییە، ئەم شێوازی قسەکردنە نوێیە، لەم چەندساڵەی دوایدا بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیدابووە، زیاتر لە لایەن گەنجان و قوتابیان بەکاردێت، پێیانوایە ئەم شێوازە سەرنج ڕاکێشترە و بەکارهێنانی ئاسانە، ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە لە کاتی نوسینیش بەکاری دێنێن، بەتایبەت لە کاتی نوسینی نامە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها وشەکانیش بەهەمان شێوە، لە زۆر شوێندا فۆرمەکانی زۆر کورتدەکرێنەوە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی یاسا و ڕێساکانی زمانی ئینگلیزی بکەن وەك :

(gr8 - great)

(weds - Wednesday)

(vip – very important)

(mtg - meeting)

لەزمانی کوردیشدا ئەم حاڵەتانە لەژێر کاریگەریی زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا بەرچاو دەکەوێ، بۆنموونە:

-هههههههههههه ئاماژەیە بۆ پێکەنینێکی زۆر درێژ و سەرسامبون و خۆشحالی.

-لە ف.ب بۆم ناردی.          کورتکراوەی لە فەیسبوك بۆم ناردی.

هەروەها لە ئاستی ڕستەسازی قەسەکەرانی زمانی کوردی جۆرە زمانێکی کوردی شکاو بەکاردێنن، بە بێ ڕەچاونەکردنی یاساکانی ڕستەسازی، بۆنمونە:

-نا فەرمی - هاتمە دەرێ، لە دو تەلەفۆنەکەی تو .

- فەرمی (لەدوای تەلەفۆنەکەی تۆ منیش هاتمە دەرەوە).

-نا فەرمی (دەچمە بازار، دێی لەگەڵم ؟)

- فەرمی (دێی لەگەڵم بچین بۆ بازار ؟)

## 3.6 گۆڕانی زمان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

زمان بە گشتی دیاریدەیەکی زیندوی کۆمەڵایەتییە، کە بەهۆی کاریگەریی ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان و لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ گۆڕانی شێوەی ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵ و پەیدابونی دیاریدە و کەرستەی نوێ بەردەوام لە گۆڕاندایە، زانستی زمان دەمێکە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە هەموو زمانەکانی جیهان بەردەوام لە گۆڕاندایە.

گۆڕان لە زمان دەچێتە خانەی زمانەوانی مێژوویەوە، (( لە زمانەوانی مێژوویدا گۆڕانی زمانی، زاراوەیەکی گشتییە، ئاماژە بەو گۆڕانە دەکا کە لەناو زمان بە درێژایی سەردەمێك دروست دەبێت، ئەمەش پڕۆسەیەکی نەوەستاو و جیهانییە))،(خۆشناو وساڵح،2014: 2).ئەگەرچی زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەڵام ڕادەی زۆری و کەمی گۆڕانەکە، لەهەر قۆناغێك جیاوازە، لە هەمان کاتدا ئەو گۆڕانانە لەهەموو زمانێك وەك یەك نین، دیارە گۆڕانی زمانی کۆمەڵێ هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەیە .لە سەردەمی ئەمڕۆدا، هۆکاری تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گۆڕینی زمانەکان، زۆرینەی زمانەوان، بەتایبەت ئەوانەی شارەزای گۆڕانی زمانین، لەسەر ئەوە هاوڕان، گەنجان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دروستکردن و گۆڕینی زمان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیە گرنگە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم گۆڕانکاریە زمانیانە بکرێت و پلانێکی زمانی گونجاو پەرەی پێبدرێت.بەگشتی گۆڕانە زمانییەکان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر چوار ئاستی زمان بە بەرچاو دەکەوێ و بەکارهێنەران

بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاری دەهێنن، لەوانە:

**3.6.1 ئاستی دەنگسازی:**

لە ئاستی دەنگسازی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوك و ماسینجەر، چەندین جۆری ئەلف و بێ بەکار دەهێنن، واتە بە تەنیا پەیڕەوی بەکارهێنانی ئەلف و بێی کوردی ناکەن، بەڵکو چەندین جۆری دیکەی ئەلف و بێی دیکە بەکاردەهێنن لە کاتی نوسیندا، لەوانە ئەلف و بێی عەرەبی(فرانکۆ)، ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزی و ئەلف و بێی لاتینی، لەکاتێکدا زۆرینەی بەکارهێنەران ڕێنوس و شێوازی بەکارهێنانی ئەم ئەلف و بێیانە بە هەڵە بەکاردێن(هەردەوان و شیلان، 2019: 305).

هەروەها حاڵەتێکی تر لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەدی دەکرێت، ئەویش بەکارهێنانی ژمارەیە لە بڕی فۆنیم، ئەمەش بەمەبەستی کورتبڕی و ئابوریکردن و پاراستنی وزە بەکاری دەهێنن، لەوانە :

- Ro7e mnni. - la hotel 4ar 4rama wara. - Salam u 3alikm.

- Emti7ani kafa2at krd?- kwe ba6i? - r0man.

ئەگەر سەیری ئەم نموونانەی سەرەوە بکەین، بۆ هەر پیتێك، ژمارەیەك دانراوە، ئەمەش لەسەر بنەمای لێکچون و خوێندنەوەی پیتی یەکەمی ژمارە و فۆنیمەکە بەکاریان هێناوە، هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدەن، هۆکارەکەی ڕێکەوتنی بەکارهێنەرانی کورد زمانە لە نێو تۆڕەکان.

**3.6.2 ئاستی وشەسازی:**


لەم ئاستەی زمان گۆڕانکاریەکی زۆر لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەکرێن، گرنگترینیان وشە خواستن، کورتکردنەوە و نیشانە ئایکۆنیەکانە، بۆنموونە لە زمانی کوردا وشەگەلێکی زۆرمان لە زمانەکان خواستوە، بە تایبەت لە زمانی ئینگلیزی، چونکە زمانی ئینگلیزی، زمانی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر زمانی کوردی هەیە، واتە ئەو وشانەی خواستیتمان لە زمانی ئینگلیزی و لە بەرانبەردا وشەی کوردیمان هەیە، وەك: (فرێند – هاوڕێ) یان (سکرینم کرد – وێنەم لەسەر گرتەوە) یان (هاشتاگ – دروشم) یان ...هتد. ئەوا بە زیان لەسەر زمانەکەمان دەشکێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی مردنی زمان، بەڵام ئەو وشانەی وەرگیراون و لەزمانی کوردیدا وشەی بەرامبەریمان نییە، ئەوا حاڵەتێکی ئاسایە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان وەك: (سێلفی، تاگ، فۆڵۆ، سەبسکرایب ...هتد).

هەروەها حاڵەتێکی تر لە نێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەبینرێت، ئەویش کورتکردنەوە، واتە کورتکردنەوەی وشەکان، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی وزە و گەرانەوەی کات، بەکارهێنەر پەنای بۆ دەبات، لەوانە:

f.bبەواتای فەیسبوك دێت، یان sp واتا سوپاس،یانtnx بەواتای سوپاسکردن (thank you)دێ، یانpls بەواتای تکایە (please)دێت.

هەروەها حاڵەتێکی تر لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەرچاودەکەوێ، ئەویش بەکارهێنانی نیشانە ئایکۆنەکانە بەشێوەیەکی بەربڵاو، نیشانە ئایکۆنەکان(ئیمۆجی)، قاموسی ئۆکسفۆرد بەم شێوە پێناسەی کردوە: پیشاندانی گوارشتەکانە بە دەربڕینێکی ڕوخساری بەهۆی گونجاندنی کارەکتەرەکانی سەر کیبۆرد بەکاردێ لە پەیوەندی ئەلیکترۆنی(نامەی چاتی و کۆمێنت) بۆ نیشاندانی هەستی بەکارهێنەر دەربارەی بابەتەکە (فەرهەنگی ئۆنلاینی ئۆکسفۆرد،2015).

ئەم نیشانە ئایکۆنانە زیاتر لە نوسینی چات و کۆمێنت بەکاردێت، دەچنە نێو چوارچێوەی سیمۆلۆژیای ئایکۆن، چونکە کاتێك بەکار دێن کە دەلالەت لە شتەکە بکات، نیشانە ئایکۆنەکانیش ژمارەیان یەکجار زۆرە، بەڵام گرنگترینیان ئەو شەش ئیمۆجیە کە زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە، کۆمپانیای فەیسبوك و ماسینجەر لەوانە:



6 5 4 3 2 1

هەریەکە لەمانە ئەم مانایە دەدات:

ژمارە 1: بەواتای توڕەبون دێ.

ژمارە2 : بە واتای غەمباری و پێم ناخۆشە دێ.

ژمارە 3: بە واتای سەرسامبون و تاسان دێت.

ژمارە 4: بۆ پێکەنین و دڵخۆشی دەربرین بەکاردێ.

ژمارە 5: بەواتای دڵی منی، یاخود خۆشەویستی بەکار دێ.

ژمارە 6: بەواتای بەدڵمە، یاخود هاوڕاتم بەکاردێ.

ئەوەی پێویستە لەسەر نێرەر ڕەچاوی بابەتەکە بکات بۆ دانانی نیشانە ئایکۆنەکان، تاوەکو وەرگر خوێندنەوەی هەڵە بۆ پەیامی نێرەر نەکات، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانرێت هەندێ لەو نیشانانە بە پێی کۆمەڵ گوزارشت لە کەلتور و نەریتی ئەو کۆمەڵگایە دەکات.

**3.6.3 -ئاستی ڕستەسازی:**

لە ئاستی ڕستەسازیدا گۆڕان لە زمان زۆر کەمتر ڕوودەدات، بە بەراورد بە ئاستەکانی تری زمان، ئاستی ڕستەسازی تارادەیەك جێگیرە، ئەم ئاستەی زمان دەکۆڵێتەوە لە یەکگرتنی وشە لە ئاخاوتن و نوسیندا .(Herring,2005: 195 )بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەکرێ هەڵوەستە لەسەر ئەم ئاستەی زمان بکەین، چونکە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا لە ڕستەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینین جێگۆرکێ بە کەرستەکانی زمان دەکرێ و جۆرە ڕستەیەکی کورت و تێکشاون لەڕووی یاسا و ڕێسا زمانییەکان، بۆنموونە لەجیاتی ئەوەی ڕستەیەکی تەواو لە ڕووی ڕێزمانیەوە بەکاربهێنێت و بنوسێت( دوێنێ لە دهۆك هاتمەوە) یاخود (ئومێد زۆر دوورە لەوەی کە شەڕ بکات) دەنوسێ (هاتمەوە لە دهۆك)، لە ڕستەی دووەم دەنوسێ (زۆر دوورە لەوەی شەر بکات).

هەروەها حاڵەتێکی تر لە ئاستی ڕستەسازی بەدی دەکرێت، ئەویش ئەکرۆنیمە: مەبەست لە ئەکرۆنیم وەرگرتنی پیتی یەکەمی چەند وشەیەکە و لێکدانیان، وشەیەکی داتاشراوی نوێی لێ دروست دەبێت (شوانی،2011: 126). ئەمەش زیاتر بە مەبەستی کورتکردنەوە و وزە پاراستن و گێرانەوەی کات و ئاسانی دەبرینە وەك :

– Vipواتا (very important)بەواتای شتێکی تایبەت دێ.

– hbdواتا (happy birth day) بەواتای ڕۆژی لە دایکبونت پیرۆز بێت دێ.

**3.6.4 ئاستی واتاسازی**

لەم ئاستەی زمان گۆڕان لە ئاستی واتا بە بەرچاو دەکەوێ، بێگومان هەندێ لە وشەکان واتاکانیان باش بووە، هەندێکیشیان واتان خراپ بووە تەسك بۆتەوە و بوونەتە تابۆ، ئەم گۆڕانکاریانە دەرئەنجامی هۆکاری دەرەکی و ناوەخۆیە.

ئەم چەند نموونەی خوارەوە، دەرخەری ئەو ئەو ڕاستیەن کە تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری زۆریان هەبوە لەسەر ئاستی واتاسازی لەزمانی کوردیدا، بۆنمونە :

وشەی (دەستی دوو) لەکۆندا واتای خراپ و تەسکی هەبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە واتایەکی باشی وەرگرتووە و بەمانای کاڵای کۆنە دێ لە پەیجە بازرگانییەکان زیاتر بەکاردێ.

هەروەها (وشەی تۆڕ) لە کۆندا بە واتای تۆڕی ماسیگرتن دەهات، بەڵام ئێستا بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکادێت.

هەروەها وشەی( شانە) لە کۆندا بۆ شانەی هەنگوین بەکاردەهات، ئێستا بۆ شانەی نوستوی وەکو گروپە تیرۆرستیەکان بەکاردێ

**4 ئەنجام**

دوای خستنەڕووی هەموو ئەو گۆڕانکاری و کاریگەریانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردیدا دروستی کردوە دەگەینە چەند ئەنجامێك لەوانە:

1 -زمان لە هەمو قۆناغەکانی ژیان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی تەکنەلۆژیا بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان لەسەر زمان دروستکردوە.

2 -دروست بەکارهێنانی زمان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و ناساندنی زمان بە نەتەوەکانی تر، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی دروست بەکار نەهات، بێگومان دەبێتە هۆی لاوازبوونی زمان و زاڵکردنی زمانەکانیتر بەسەر زمانی کوردی.

3 -تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر هەمو ئاستەکانی زمان دروستکردوە لە چوارچێوەی بەکارهێنانیان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت فەیسبوك و ماسینجەر، بەجۆرێك لە ئاستی دەنگسازی لەبری ئەلف و بێی یونیکۆد، چەندان جۆری ئەلف و بێ بەکار دێ. لەئاستی وشەسازی وشەکان زۆر کورتدەکرێنەوە و لەئاستی ڕستەسازیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو کەرستەکانی ڕستە جێگۆڕکێیان پێدەکرێ، لەئاستی واتاسازیدا گۆڕانەکی زۆری ئێستایی بەرچاودەکەوێ.

4 -نیشانە ئایکۆنیەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەیە لەپرۆسەی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەجۆرێك زۆرجار ئەم نیشانانە واتای کاریگەرتر و بەهێزتر دەبینن لەکاتی ناردنی پەیامەکاندا.

5- بەکارهێنانی ئەم شێوازە زمانیە شکاوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە زۆرینەی چینی گەنجان، سەرسامن بەو شێوە زمانیە و پێیان وایە ڕێگایەکی سەرنجڕاکێشە و بەکارهێنانی ئاسانە، بۆیە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێ.

**لیستی سەرچاوەکان:**

1-ئەحمەد، ڕەمەزان ئەحمەد (2019)، دیجیتاڵ میدیاو زانینی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئادمین،هەولێر.

2 -حەمە سەعید، نزاکەت حسێن (2019)، کێشەکانی میدیا لە هەرێم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

3 -حوسێن، بێری یاسین (2012)، هەندێ لایەنی پراگماتیکی فراوان ( (مایکرۆپراگماتیك)) لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

4 -خدر،ڕێبین خالید (2015)، ئەرکی فۆنیما ناکەرتیەکان لە ئاستی سیمانتیك و پراگماتیك، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

5 -ڕەشید، ڕابەر (2008)، پێشەکیەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

6 -ژوبیان، سامی (2009)، دەروازەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ ڕۆژنامەگەری ڕۆژئانە و ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی،دهۆك.

7 -شاسواری، عادل (2013)، ئەرکەکانی ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

8 -شەریف، هاوکار یاسین (2018)، کاریگەرییە نەرێنیەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئافرەتانی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان، ژمارە.(40)

9 -صادق، شاناز مەحمەد (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتیدا سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی، زانکۆی سەلاحەددین، نامەی ماستەر، هەولێر.

10 -صالح، صادق مەحمەد عەزیز (2015)، ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

11 -عبدالرحمان، شیلان عوسمان (2009)، کارابونی زمان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

13 -عەلی، بەدرخان سلێمان (2015)، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

14 -فەتاح، محەمەد مەعروف (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

15 -کەلاری، مەحمەد عبداللە و کەمال فاروق (2013)، دەروناسی میدیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

16 -محەمەد، بەهار زایر (2009)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

17 -مەحمەد، سەعید (2015)، ڕاگەیاندن و چاکسازی سیاسی، چاپی یەکەم،ڕاگەیاندن و چاکسازی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

18 -مەحمەد،عەبدولمتەلیب عەبدوڵا (2020)، کردەی ئاخاوتن لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

19 -مەحمود پەروا عومەر (2021)، ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەبازارسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، نامەی ماستەر، هەولێر.

20 -مولود،دڵان اسماعیل (2021)،بەکارهێنانی ئامرازی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان، لەکارگێری گشتیدا، زانکۆی سەلاحەددین، نامەی ماستەر، هەولێر.

22 -ئەحمەد، شەرمین ڕەسول (2017)، بنەماکانی هاریکاری گرایس لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

23 -ئەحمەد، کازم مەحمەد زاهد (2016)،پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایتییەکان بەنامۆبون لای گەنجانی زانکۆ، زانکۆی سلێمانی نامەی ماستەر، سلێمانی.

24 -ئەسعەد، چۆلی (2013) زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، (ب.ش و چاپ.

25 -خالد، سەلام هیوا(2017)، کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی، گۆڤاری ڕاپەرین، ژ10، ل177.

-26 حوسێن،هێرش چەتۆ(2021)، زمانی نوسینی کوردی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، گۆڤاری توێژەر، ژ2، بەرگی4، ل 153.

27- (Fareed,M etal, Linguistic Features of Social Network, 2020, BirlE Journal. Volume 3, No 4, November, page 2274-2281)

28- Carter, S, et al.(2013) Microblog Language Identification: Overcoming the Limitations of Short, United and Idiomatic Text. Language Resources and Evaluation, vol. 47 , no 1, 195-215.

29- Laia, P, L(2016). Analysing English as a Lingua Franca in Video Games: Linguistic Features, Experimental and Functional Dimension of Online and Scripted Interaction. Digital.

30- Rebaz et al, Pedagogical Effect of Social Media on Iraqi Kurd EFL Learners, 2021, Arab World English Journal, P. 202-216

31- Herring, s. c, 2005. Computer-medieted discourse. In: The handbook of discourse Analysis. S.1.:Black well publishers Ltd, pp. 1-24.

32- Oxford online Dictionary, 2015(online) Available at: http://www.oxforddictionararies.com/definition/english.

## پاشکۆ












Abstract

This study which entitled(The relation between language and social media). it aims at analysing ang illustrating the form of language which is used in social media. Nowadays, social media is used widely and has a direct and indirect impact on life of individual and society . Social media generally has affected Kurdish language especially facebook and messenger. So linguists and speakers feel the changes that the social has an impact on language،in which many new words are borrowed from other languages and using numbers which stand for letter. it is thought that it will affect standard kurdish language. So we prefer to analyse all the positive and negative sides of social media(faceboo&messeger) by depending of some taken sample of language and student´s chattt of students.